# کارامەییەکانی ئەکادیمی
# ACADEMIC SKILLS

## کارامەیی گفتوگۆی ئەکادیمی

## وانەی ( 1 )

ئامادە کردنی :م.د.جوان زرار فتح الله + م.ی. هیژا حامد

بو قوتابیانی قوناغی یەکەمی کولیژی پەروەردەی جەستەیی وزانستە وەرزشیەکان

## گفتوگۆی ئەکادیمی چییە؟

بریتیە لەو تاوتوێکردن و گفتوگۆیانەی کە لەژێر سەرپەرشتی مامۆستایەك لە دامەزراوەیەکی پەروەردەییدا ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی گەشەپێدانی بیرکرنەوەو پەرەسەندنی بڕیاردانی ژیرانە.هەروەها بەشداریکردنی ئەو کۆرو کۆبونەوانەی تایبەتن بە چەندین بابەتی گشتی و تایبەت. کەواتە گفتوگۆی ئەکادیمی کردارێکی ڕێکخراوی هەنگاو بە هەنگاو کە بە شێوەی زارەکی لە نێوان دوو قوتابی یان زیاتر تاوتوێی بابەتێك دەکەن و بە شێوەیەك کە دەبنە لایەنگری بابەتەکە یان دژ, واتە دەبێت دوو لایەن هەبێت یەکیان پاڵپشتی بابەتەکە دەکات و پێی دەوترێت «ئەرێ–لایەنگر» و ئەوی دیش کە دژە ناوی «نەرێ–نەیار»ی لێدەنرێت.

## سودە زانستیی و پەروەردەییەکانی گفتوگۆی ئەکادیمی:

1. پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ورد و ڕەخنەگرانە

2.زیادکردنی توانای خوێندنەوەو تێگەیشتن.

3. گەشەپێدانی تواناو لێهاتووییەکانی گەیاندن.

4. زیادکردنی دەستکەوتی ئەکادیمی.

# ڕێکخستنی قسەکردنەکان لە گفتوکۆی ئەکادیمی
# ORGANIZATION OF SPEECHES

شارەزاکردنی قوتابیان لە جۆرەکانی بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی و ئەرکی هەردوو لایەنی لەگەل و دژ ، دەبێت قوتابی جۆرەکانی قسەکردن لە گفتوگۆی ئەکادیمی بناسێت و شارەزای ڕێکخستنی قسەکردنەکان بکرێت . ڕێکخستنی قسەکردەکان لە گفتوگۆی ئەکادیمی کارێکی ئاسان نابێت بۆ قوتابی کاتێك شارەزایی لەسەر جۆرەکانی قسەکردن و چۆنیەتی ڕێکخستنی قەسەکردن نەبێت . لە گفتوگۆی ئەکادیمی دا بەشێویەکی گشتی ڕێکخستنی قسە بریتیە لە ڕێکخسنتی بیرورای جیاوازی پشتبەستوو بەلگەی باوەر پێکراو لەسەر بابەتەکە. قسە کردنەکان لە گفتوگۆی ئەکادیمیدا دوو جۆرن :

قسە بنیاتنەرەکان **constructive speeches**

لەگەل تانە لێدەرەکان **rebuttal speeches**

## قسه بنیاتنەرەکان

ئەم قسەکردنانە هەمیشە دەکەونە دەستپێکی گفتوگۆی ئەکادمی و بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرن : ئەرێنیە بنیاتنەرەکان و قسە نەرێنیە بنیاتنەرەکان کە ژمارەیان دەوەستێتە سەر ئەو شێوازی گفتوگۆی ئەکادیمی کە کاری پێ دەکرێت لەناو پۆلدا. بە گشتی گفتوگۆی ئەکادیمی بەیەکەم قسەکردنی ئەرێنی بنیاتنەر دەستپێدەکات و یەکەم قسەی نەرێنی بنیاتنەریش بەداویدادێت . یەکەم قسەکردنەدا قسەکەرەکە هەلدەستێت بە سلاوکردن و پێشکردنی پێشەکێك لەسەر گفتوگۆیەکە کە تێدا ناوی بابەتەکە دەێنێت و پالپشتی خۆی بۆ بابەتەکە دەردەبرێت و هۆکارە سەریکیەکان بەخالێ دیاری دەکات . دواتر رونکردنەوە دەدات لەسەر هەریەك لەخالەکان بە پشتبەستن بەبەلگەو گەرانەوە بۆ سەرچاوە زانیارییەکان . لەکۆتاییدا قسەکەی لە کورتەیەکدا دووبارە دەکاتەوە سوپاسی هەمووان دەکات بۆ گوێگرتن لێی .لەدوای کۆتاییهاتنی ئەو قسەکردنە.

راستەخۆ یەکەم  قسەکردنی نەرێنی  بنیاتنەر لەلایەن  قسەکەری یەکەمی تیمی دژ ئاراستەی جەماوەر و یاخود دەستەی دادوەری دەکرێت کە بە تەواوەتی لە قسەکردنەکەی پێش خۆی دەچێت لەرووی پێکهاتوە  بەڵام بەتەواوەتی  جیاوازە لەرووی تێروانیەوە بە نەرێنی بۆ بابەتەکە , ئەمەش بەوە دەبێت کەقسەکرەکەی لایەنی دژ هەلدەستێت بەسلاوکردن و پێش کەشکردنی پێشەکییێك   لەسەر گفتوگۆیەکە کەتێدا ناوی بابەتەکە دێنێت و دژایەتی خۆی بۆ بابەتەکە دەردەبرێت و هۆکارە سەرکییەکان بەخاڵ دیاری دکات بەبەڵگە و ئەرگومێنت بیرو بۆچون و ئەرگومێنتی لایەنی لەگەڵ رەت دەکاتەوە .

## قسە تانەلێدەرکان (رەتکەرەوەکان) Rebuttal Speeches

لەم قسەکردنادا قسەکەرەکان هەڵدەستن بە پێداگری کردن لەسەر رای خۆیان و دووپاتکردنەوەی راستی ئەر گومێنتەکانی لاینەکانیان و رەتکردەوەی رای بەرامبەر. تانە لە ئەر گومێنتەکانی یەکتر دەدەن بە مەبەستی راکێشانی سەرنجی جەماوەر و یاخود دەستەی دادوەری بە لای تیمەکەی خۆیاندا . ئەمەش لە رێگای هونەر و تاکتیکی قایل کردنی جیاوازەوە دەبێت . تاوەکو بردنەوەی گفتوگۆیەکە بۆ تیمەکەی خۆیاندا دەستەبەر بکەن

# شیوازەکانی دیبەیتی ئەکادیمی

## ا- شێوازی دیبەیتی لینکولن – دۆگلاس LINCOLN –DOUGLAS DEBATE FORMAT

لەشێوازی Lincoln –douglas debate دا گفتوگۆیەکە تەنها لەنێوان دوو (2) کەس بەرجەستە دەبێت کەیەکێکیان لایەنی لەگەل و ئەوەیتریان لایەنی دژ دەبێت ئەم شێوازە پێنج (5) قسەکردن لەخۆ دەگرێت . دوانیان قسەی بنیاتنەر (Speeches constructive) و سێیان تانە لێدەرن (Rebuttal Speeches) (رەتکەرەوەن). هەروەها دوو (2) Cross – examinationلەم شێوازەدا بوونیان هەیە. گفتوگۆیەکە بەم شێوەیە دەبێت کە لایەنی لەگەڵ دەستی پێدەکات و هەر هەمان لاەن کۆتایشی پێدێنێت. یەکەم قسەی بنیاتنەرە لایەنی لەگەڵ ئاراستە دەکات. لەدوای تەواوبوونی قسەی یەکەم ئەوەیتریان پرسیاری ئاراستە دەکات و ئەویش دەبێت وەڵامی بداتەوە. لەدوای تەواوبوونی پرسیارو وەڵام لەماوەی تەنها (3) خولەك دا لەنێوانیان، لایەنی دژ قسەی بنیاتنەری دووەم ئاراستە دەکات وە بە هەمان شێوە Cross – examination پرسیارکردن دووبارە دەبێتەوە. ئینجا قسەی رەتکەرەوە (تانە لێدەر)ی لایەنەکان دەست پێدەکات کە تیایدا هەر لایەنەو پێداگری لەسەر قسەی خۆی دەکات و قسەی بەرامبەرەکەی رەتدەکاتەوە. قسەکردنەکان لەم خشتەیەی خوارەوەدا ریزبەندو کاتەکانیان روونکراوەتەوە.

| ریزبەندی ئاخاوتنەکان | کاتی تەرخان کراو |
|---|---|
| قسەی بنیاتنەری لایەنی لەگەڵ | 8 خولەك |
| پرسیار کردن Cross – examination | 3 خولەك |
| قسەی بنیاتنەری لایەنی دژ | 12 خولەك |
| پرسیار کردن Cross – examination | 3 خولەك |
| قسەی رەتکەرەوە (تانە لێدەر)ی لایەنی لەگەڵ | 6 خولەك |
| قسەی رەتکەرەوە (تانە لێدەر)ی لایەنی دژ | 6 خولەك |
| قسەی رەتکەرەوە (تانە لێدەر)ی لایەنی لەگەڵ | 4 خولەك |

# POLICY DEBATE FORMAT ب–شێوازی دیبەیتی پۆلیسی

دیبەیتێکە لەنێوان چوار (4) کەس دەبێت کە دووانیان تیمی (لایەنی) لەگەڵ و Policy Debateلە شێوازی دووانەکەی تریان تیمی (لایەنی) دژ دەبن. ئەم شێوازە هەشت (8) قسەکردن لەخۆ دەگرێت لەگەل بوونی چوار (4) . قسەکردنەکان لەم شێوازەدا چواریان قسەی بنیاتنەر و چواریان تانە لێدەرن Cross – examination گفتوگۆی ئەکادیمی بریتیە لە ماوەیەکی کورتی کات کەلە Cross – examination(رەتکەرەوەن). مەبەست لە کۆتایی قسە بنیاتنەرەکان دەدرێت بە لایەنێك تاوەکو پرسیار ئاراستەی لایەنی بەرامبەر بکات. ئەمەش بۆ مشتومر کردن نییە بەڵکو بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە بۆ پارێزگاری کردن لە کەیسەکەی خۆت. لەم شێوازەدا (گفتوگۆی پۆلیسی) لەدوای تەواوبوونی قسەی بنیاتنەری یەکەم کە قسەکەری یەکەم لەتیمی لەگەڵ ئاراستە دەکات راستەوخۆ پرسیاری لێدەکرێت لەلایەن قسەکەری دووەم لەتیمی دژ. دووەم قسەی بنیاتنەر ئاراستە دەکرێت لەلایەن قسەکەری یەکەم لەتیمی دژ وە راستەوخۆ دوای تەواوکردنی قسەکەی پرسیاری لێدەکرێت لەلایەن قسەکەری یەکەم لە تیمی لەگەڵ. سێیەم قسەی بنیاتنەر لەلایەن قسەکەری دووەمی تیمی لەگەڵ ئاراستە دەکرێت و دواتر پرسیاری لەلایەن قسەکەری لە تیمی دژ ئاراستە دەکرێت.

چوارەم قسەی بنیاتنەر لەلایەن قسەکەری دووەمی تیمی دژ ئاراستە دەکرێت و دواتر پرسیاری لەلایەن قسەکەری دووەمی تیمی لەگەڵ ئاراستە دەکرێت. لەدوای Cross – examination ، تەواوبوونی هەرچوار قسەی بنیاتنەر و هەرچوار قسەکەرەکان هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی قسە تانە لێدەرەکان. یەکەم قسەی تانە لێدەر لەلایەن قسەکەری یەکەم لە تیمی دژ ئاراستە دەکرێت. دووەم قسەی تانە لێدەر لەلایەن قسەکەری یەکەم لە تیمی لەگەڵ ئاراستە دەکرێت. سێیەم قسەی تانە لێدەر لەلایەن قسەکەری دووەم لە تیمی دژ ئاراستە دەکرێت. چوارەم قسەی تانە لێدەر لەلایەن قسەکەری دووەم لە تیمی لەگەڵ ئاراستە دەکرێت و گفتوگۆیەك کۆتایی پێدێت. لەم خشتەیەی خوارەوەدا ریزبەند و کاتەکانی قسەکردن روونکراوەتەوە. لەم شێوازەدا هەر تیمێك دە (10) خولەکی پێدەدرێت لەتەواوی گفتوگۆیەکەدا کەپێی دەگوترێت کاتی خۆ ئامادەکردن.

| ریزبەندی ئاخاوتنەکان | کاتی تەرخان کراو |
|---|---|
| یەکەم قسەی بنیاتنەری لایەنی لەگەڵ | خولەك 9 |
| Cross – examination by second negative speaker | خولەك 3 |
| یەکەم قسەی بنیاتنەری لایەنی دژ | خولەك 9 |
| Cross – examination by first affirmative speaker | خولەك 3 |
| دووەم قسەی بنیاتنەری لایەنی لەگەڵ<br>Second affirmative constructive speech | خولەك 9 |
| Cross – examination by first negative speaker | خولەك 3 |
| دووەم قسەی بنیاتنەری لایەنی دژ | خولەك 9 |
| Cross – examination by second affirmative speaker | خولەك 3 |
| یەکەم قسەی ڕەتکەرەوە (تانە لێدەر)ی لایەنی دژ<br>First negative rebuttal speech | خولەك 6 |
| یەکەم قسەی ڕەتکەرەوە (تانە لێدەر) ی لایەنی لەگەڵ<br>First affirmative rebuttal speech | خولەك 6 |
| دووەم قسەی ڕەتکەرەوە (تانە لێدەر)ی لایەنی دژ<br>Second negative rebuttal speech | خولەك 6 |
| دووەم قسەی ڕەتکەرەوە (تانە لێدەر) ی لایەنی لەگەڵ<br>Second affirmative rebuttal speech | خولەك 6 |
| کاتە خۆ ئامادە کردن Preparation time | خولەك بۆ هەر تیمێك 10 |

# ج–شێوازی دیبەیت KARL POPPER DEBATE FORMAT کارل پۆپەر

لەشێوازی Karl Popper Debate دا گفتوگۆیەکە لەنێوان شەش (6) کەس دەبێت کە سیانیان تیمی (لایەنی) لەگەڵ و سیانەکەی تریان تیمی (لایەنی) دژ دەبن. ئەم شێوازە شەش (6) قسەکردن لەخۆ دەگرێت کە دوو قسەکردنی یەکەم و دووەم قسەی بنیاتنەرن (Constructive) وە چوار قسەکانی تر تانە لێدەرن (Rebuttals). هەروەها چوار (4) Cross – examination بوونیان هەیە کە هەریەکێکیان لەدوای تەواوبوونی قسەکردنێك جێبەجێ دەکرێت. کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا ریزبەند و کاتەکانیان روونکراوەتەوە. لەم شێوازەدا هەر قوتابیەك تەنها یەك جار قسە دەکات لە گفتوگۆیەکەدا. ئەمەش وادەکات کە قوتابی ئەم شێوازەی گفتوگۆیەی لەلاپەسەند بێت و حەزی پێبکات. جگە لەمەش، ئەم شێوازەی گفتوگۆیە لایەنێکی تری ئەرێنی هەیە کە ئەمیشیان ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆرتر قوتابی بەشداری پێدەکات لە گفتوگۆی ناو پۆلدا. بەم شێوازەدا هەر تیمێك هەشت (8) خولەك کاتی خۆ ئامادەکردنی پێدەدرێت لەنێوان قسەکردنەکان لەتەواوی گفتوگۆیەکەدا.

| ریزبەندی ئاخاوتنەکان | کاتی تەرخان کراو |
|---|---|
| **Affirmative Constructive Speech**<br>یەکەمین قسەی بنیاتنەری لایەنی لەگەل | خولەك 6 |
| **First negative Cross – examination** | خولەك 3 |
| **Constructive Speech Negative**<br>یەکەمین قسەی بنیاتنەری لایەنی دژ لەسەر بابەتەکە | خولەك 6 |
| **First Affirmative Cross – examination** | خولەك 3 |
| **First Affirmative Rebuttal Speech**<br>یەکەمین قسەی رەتکەرەوە (تانە لێدەر) ی لایەنی لەگەڵ | خولەك 5 |
| **Second Negative Cross – examination** | خولەك 3 |
| **First Negative Rebuttal Speech**<br>یەکەمین قسەی رەتکەرەوە (تانە لێدەر) ی لایەنی دژ | خولەك 5 |
| **Second Affirmative Cross – examination** | خولەك 3 |
| **Second Affirmative Rebuttal Speech**<br>دووەمین قسەی رەتکەرەوە (تانە لێدەر)ی لایەنی لەگەڵ | خولەك 5 |
| **Second Negative Rebuttal Speech**<br>دووەمین قسەی رەتکەرەوە (تانە لێدەر) ی لایەنی دژ | خولەك 5 |

# كارامه يه كانى ديبه يتى  ئةكاديمي

-كارامەیی بەرێوە بردنی دییەیت.

-لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە.

-بیرکردنەوەی رەخنە کرانە.

-بیرکراوەیی.

-کارامەکانی قسەکردن.

-رێکخستن.

-کارامەیی گوێگرتنی رەخنە کرانە.

-متمانە بەخۆبوون.

-کاری هەرەوەزی و هەماهەنگی

# Debating & Argumentation گفتوگۆکردن و بەڵگەدروستکردن

- **دیبەیت:** بریتییە لە گفتوگۆکردنێکی فەرمی دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو لە بەیەککگەشتنێکی ئاشکرادا لەنێوان دوو لایەنی ناهاوڕادا.

- **ئارگیومێنتەیشن:** پرۆسەی پێکهێنانی هۆکارەکانە لە دروستکردنی بەڵگە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕاو بۆچوونەکان. هەروەها پوختەکردنی ئەنجامەکان بەئامانجی باوەڕپێهێنانی بەرامبەر.